ماڵپەڕی شەفافیەت داهاتی یەك هەفتەی سلێمانی و هەڵەبجە ئاشكرا دەكات

ماڵپەڕی شەفافیەت داهاتی یەك هەفتەی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆكانی گەرمیان و راپەڕین ئاشكراده‌كات كە زیاتر لە 26 ملیار دینار بوە و داهاتیش بەشوەی نەختینە زیاتر لە 24 ملیار دینار پێكدەهێنێت.

بەگوێرەی ماڵپەڕی شەفافیەت لە ڕۆژی 27ی (نیسان/4)ی 2024 تاوەكو 3ی (ئایار/5) داهاتی هەردو پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەكانی گەرمیان و راپەڕین، 26 ملیار و 204 ملیۆن و 407 هەزار و 307 دینار بوە، بەجۆرێك كە 24 ملیار و و 303 ملیۆن و 652 هەزار و شەش دیناری نەختینەیە و 93% كی داهاتی هەفتەكە پێكدەهێنێت.

هەر بەگوێرەی راپۆرتەكە، ملیارێك و و 716 ملیۆن و 695 هەزار و 68 دینار واتە 7%ی كی داهاتی هەفتەكە بە شوەی چەكە، هەروەها 59 ملیۆن دیناریشی بەشوەی مقاسەیە.